

ئاسۆ بیارەیی

17 -11-2005 / سوێد

# ئیبراهیم تاتۆرانی، ئەو بزەی شەرم ناکات

هەورەکو چۆن سەلاحەدینی ئەیوبی خۆی کردە سەرکردەیەکی عەربی ئیسلامی ، هەروەکو چۆن مامەتەهاکانی کن ڕژێمەکەی سەدامی ترسنۆک، دەستیان لە تەعریبکردنی نەتەوەکەی خۆیان نەپاراست و نکوڵییان لە بوونی خۆیان کرد، ئیبراهیم تاتۆرانیش لە وان کاریگەرتر، هونەری ڕەسەنی کوردی کردە جوانترین دیاری پان تۆرانیزم و حەشاشی لە بوونی ئینسانی خۆی کرد.

کە( **عەمرۆ موسى**) ڕەگەزپەرست لە ناو دڵی کوردستاندا ، خاکی باشووری کوردستانی بە بەشێکی ئومە عەرەبی عەرەباند، **ئیبراهیم تاتۆرانیش** بەو پەڕی بێشەرمییەوە، لە بان قەڵای هەولێرەوە جاڕی تۆرانییەتی ئۆردوغانی دا. ئەو دوو کەسە، یەکەمیان نوێنەری نەتەوەی سەردەستە و ئەمەی دووەمیشیان خۆفرۆشێکی سەرشۆڕە،هەردووکیا ن تەواکەری یەکترین.

من جیاوازی نێوان سیخوڕێک ،جاشێک و هونەر فرۆشێکی وەکو **بلە** نابینم، بەڵکو هونەر فرۆشکە تاوانەکەی گەورەترە، چونکە ئەو لەوان زیاتر و دڕندەتر، فەرهەنگی نەتەوەکەی خۆی تاڵان دەکات و لە نێو قینی ڕەشی داگیرکەراندا دەیسوتێنێت.

من چاوەڕێ دەکەم کە لە شاری سلێمانی، **ئیبراهیم تاتۆرانی** ڕیسوا بکرێت و خەڵک ئەو بایەخەی پێنەدات، چونکە وەکو ووتم ئەو هیچی لەو تاوانبارانە، لە سەرۆک جاش ئەو ئەنفالچیانە کەمتر نییە، کە هەزارەها ژن و منداڵ و جوانی کوردیان، کردە سووتەمەنی ئەنفالی ڕژێمە زەرقاویە وەهابییەکەی بەغدا. **بلە تۆرانی**، ڕوحی نەتەوەی کوردی ئەنفالکردووە بۆ تۆرانییە فاشستەکان. بلە، بە نرخترین سەرمایەی گەلی کوردی بۆ تورک فەرهود کردووە، کە زمان و فەرهەنگە. بلە شایەنی سووکایەتی پێکردنە نەک ڕێزگرتن.